## ڕێگەکانی توێژینەوە لەتاوانناسی

### 1- ڕێگە کەسیەکان

**پێناسە:**

ڕێگە کەسیەکان ئەو ڕێگایانەی لێکۆڵینەوەن لە تاوانناسی کەوا ئەو فاکتەرو هۆیانە سۆراخ دەکەن کە لەناو پێکهاتەی جەستەیی و دەروونیی خودی مرۆڤی تاوانباردان، ئەمەش بەهۆی پشکنینی سەرجەم لایەنەکانی کەسایەتی تاوانبارەکە وەك پێکهاتەی بایۆلۆجی و باری دەروونی و عەقڵیی، واتە هەم توێژینەوەی بایۆلۆجی و، هەم توێژینەوەی دەروونی و عەقڵی دەگرێتەوە کە هەر ئێستا باسی هەر یەکەیان دەکەین.

### یەکەم: توێژینەوەی بایۆلۆجی

**پێناسەو مێژووی:**

بریتیە لە توێژینەوەی پێکهاتەی جەستەیی کەسێك و سەرنجدانی ئەو کەموکوڕیانەی هەیەتی کە ڕەنگە پەیوەندیان بە تاوانە ڕەفتارەوە هەبێ. پێشتریش باسی ئەوەمان کرد کە ئەندامە دیارەکانی جەستەی تاوانباران و شێوەو ڕوخسارو ڕەنگ و ڕواڵەتیان هەر لەسەردەمی گریکەکانەوە جێگەی سەرنج بووینە، دواتر لەنیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەم بووە بابەتی لێکۆڵینەوە قووڵ و بەهێزەکانی زاناو پزیشکی ئیتاڵی ناودار سیزاری لۆمبرۆزۆو، لەوساوە قاڵبێکی زانستیانەی وەرگرتووە.

**لەسەردەمی نوێدا:**

ئێستاکەش لەسەردەمی نوێدا توێژینەوەی بایۆلۆجی فراوانتر بوەو جۆرێکی تری لێ پەیدا بووە کە بریتیە لە سۆراخکردنی ڕۆڵی ڕژێنەکانی ناو جەستەو کاریگەرییان لەسەر کۆئەندامی دەمارو باری دەروونی مرۆڤ، چونکە زۆر لەو توێژینەوانە سەلماندوویانە کە هەندێك ڕژێن کاریگەریەکی زۆریان لەسەر باری دەروونی مرۆڤ و، ڕەفتارو هەڵسوکەوتەکانی هەیە.

### دووەم: توێژینەوەی دەروونی و عەقڵی:

**پێناسەو مێژووی:**

بریتیە لە سۆراخکردنی باری دەروونی و عەقڵیی کەسی تاوانبار بۆ دۆزینەوەی ئەو فاکتەرە دەروونی و عەقڵیانەی بەرەو تاوان پاڵیان داوە.

ئەم چەشنە توێژینەوانەش کاتێك هاتنە کایەوە کە هەندێ لە پسپۆرو شارەزایان ڕایانگەیاند تاوانە ڕەفتار

هۆیەکەی دەگەڕێتەوە بۆ تێکچوونی باری دەروونی تاوانبار یانیش تێکچوونی عەقڵی. ئەم جۆرە بۆچوونە تەواو ڕێی بۆ سەرهەڵداندەروونناسی تاوانی خۆشکرد، کە بازنەی بایەخی بریتیە لە سۆراخکردنی باری دەروونیی تاوانباران و دەستنیشانکردنی ڕادەی زیرەکی و ئەو کەموکورتیانەی تووشی هەست و نەست و سۆزو حەزو ئارەزووەکانیان دەبێت.

**شێوازەکانی لەسەردەمی نوێدا:**

جاران زانایان لەم توێژینەوە دەروونی و عەقڵیانە پشتیان بە کۆکردنەوەی داتاو زانیاری دەبەست لەسەر کەسی تاوانبار لەڕێگەی پرسیارو چاوپێکەوتن، دوای ئەوە ئەم داتاو زانیاریانەیان شی دەکردەوەو دەپۆلاند بۆ گەیشتن بە هۆیەکانی تاوان. بەڵام لەسەردەمی ئەمڕۆدا چەندین ئەزموونە شێوازی تریان هێناوەتە کا وەك ئەزموونی ڕۆڕشاخ (**Rorchach test**) و ئەزموونی موری (**Mury test**).

**ئەزموونی ڕۆڕشاخ:**

ئەزموونی ڕۆڕشاخیش بەوە دێتەدی کە دە (10) شێوە پێشانی کەسەکە بدرێ کە بە مەرەکەبی ڕەش یان ڕەنگتر درووستکرابن و هیچ مانایەکی ڕوونیان نەبێ. ئینجا داوای لێبکرێو پرسیاری لێبکرێ هەریەکە لەم شێوە جیاجیایانە واتای چی دەبەخشن و بەچی دەچن. پاشان وەڵامەکانی تۆمار بکرێ لەگەڵ لەبەرچاوگرتنی ئەو کاتانەی لە وەڵامدانەوە بەسەری دەبا، هەروەها کاردانەوەو هەڵچوونەکانیشی تێبینی بکرێو تۆمار بکرێ. دوای هەموو ئەوانە لەبارەی شوێن و هۆو چۆنیەتی دیتن و بیستنی ئەو شتانەی باسی کرد پرسیاری لێ بکرێ. ئینجا بەهۆی لێکدانەوەو شیکردنەوەی وەڵامەکانی ڕێگە بۆ دۆزینەوەی حاڵەتی دەروونیی کەسەکە خۆش دەبێت.

**ئەزموونی موری:**

ئەزموونی موریش هەروەکو ئەزموونی ڕۆڕشاخ وایە، بەڵام لێرەدا لەباتی شێوە مەرەکەبیە ناڕوون و بێ واتایەکان، سی (30) وێنەی فۆتۆگرافی بە کەسەکە نیشان دەدرێ کە لەژیانی ڕۆژانەی خەڵکدا وەرگیراون، دەشکرێ وێنەی کەسانێکی دیاریکراو یان چەند هەڵوێستێکی دیاریکراو بێت.

**ئامرازی تریش:**

هەروەها زانایان چەندین ئامرازو ئامێری وردەکاریان بۆ ئەم توێژینەوە دەروونی و عەقڵیانە مسەخەر کردووەو بەکاردێنن بۆ ئەوەی ئەنجامەکانیان لەوپەڕی پلەی وردی و متمانەپێکراندا بن. لەبەر گرنگی ئەم بوارەش لە ساڵی 1879 یەکەم پەیمانگەی تایبەتمەند بۆ ئەم چەشنە ئەزموونە دەروونیانە لەشاری لایبزکی ئەڵمانی بنیادنرا کە زۆری نەبرد لێکۆڵینەوکانی لەسەرجەم ئەڵمانیاو زۆربەی وڵاتانی ئەوروپی و ئەمریکا

بڵاوبوەوە. لەم پەیمانگەیەدا زیاد لە بەکارهێنانی شێوازە سرووشتیەکانی لێکۆڵینەوە، شێوازی نواندنی موگناتیسیش بەکار دەهێنرا، کە بووە مایەی شیکردنەوەی زۆر لەو دیاردانەی بە شێوازە سرووشتیەکان ناتوانرێ بتوێژرێنەوەو لێکۆڵینەوەیان لەسەر بکرێ.

لەلایەکیتر؛ زۆر جاران زانایان شێوازی شیکردنەوەی دەروونی (التحليل النفسي) بەکاردەهێنن بۆ ئەنجامدانی توێژینەوە دەروونیەکانیان تاکو بگەنە نەستە بەشی دەروونی کەسەکەو دەستنیشانکردنی حاڵەتەکەی.

## ڕێگەکانی توێژینەوە لەتاواناسی

2- ڕێگە کۆمەڵایەتیەکان

**پێناسە:**

ڕێگە کۆمەڵایەتیەکان ئەو ڕێگایانەن کە فاکتەرو هۆیە کۆمەڵایەتیەکانی تاوان سۆراخ دەکەن. گرنگترینی ئەو ڕێگایانەش بریتین لە: (1) ئامار (2) توێژینەوەی بار (3) ڕووپێوی کۆمەڵایەتی (4) تێبینی کردن (5) بەراوردکردن

کەوا لە وانەکانی داهاتوو باسی هەریەکەیان دەکەین.

### یەکەم: ئامار

ئامار بەڕێگەیەکی لەبارو هەرە گونجاو دادەنرێت بۆ توێژینەوەی دیاردەی تاوان چ لەڕووی ژمارەو قەبارە، چ لەڕووی جووڵەیەوە. ئەوەتا بەهۆی ئامارەوە دەتوانرێت پەیوەندی نێوان دیاردەی تاوان و سەرجەم دیاردە کۆمەڵایەتیەکانیتر شی بکرێتەوە. هەمان شت پەیوەندی حاڵەت و بارودۆخە ژینگەییە جۆراوجۆرەکانی سروشتی و ئابووری و ڕۆشنبیری لەگەڵ دیاردەی تاوان.

### جۆرەکانی ئامار:

**(أ) جێگیرە ئامار (شوێنە ئامار):**

بریتیە لە توێژینەوەی دیاردەی تاوان لەڕووی شوێنەوە بەڵام لەماوەیەکی کاتیی جێگیردا چ لەچەند وڵاتێك، چ لە ناوچە جیاجیاکانی یەك وڵات. جا لەبەرئەوەی لەم جۆرەیاندا بەراوردی ڕێژەی تاوان لەنێوان چەند شوێنێکی جیاجیا دەکرێ هەندێ کەس بە (شوێنە ئامار) ناوی دەبەن، لەبەر ئەوەش لەماوەیەکی کاتیی

نەگۆڕ ئەنجام دەدرێت هەندێکتر بە (جێگیرە ئامار) ناوی دەبەن.

چۆنیەتی سوود وەرگرتن لەم ڕێگەیەش لەبواری تاوانناسی بەم نموونەیەی خوارەوە دەخەینەڕوو:

گریمان توێژەر دەیەوێ هۆو فاکتەرەکانی تاوانی دزی لە هەرێمی کوردستاندا سۆراخ بکات. لێرەدا دەچێ ئاماری ساڵێك لە ساڵەکان دەهێنی بۆ نموونە بابڵێین ساڵی (1993) کە ژمارەی تاوانەکانی دزی پێشان دەدات لە هەریەکە لە چوار پارێزگاکانی هەرێم: هەولێر، سلێمانی، دهۆك، کەرکووك. جا کە بۆی دەردەکەوێ ڕێژەی ئەم تاوانە لە ساڵی (1993)دا لەیەکێك لەپارێزگاکاندا زۆر بەزەقی لەپارێزگاکانتر زیاترە، یەکسەر بیری بۆ ئەو بارودۆخە کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسی و سرووشتیانە دەچێ کە لەو ساڵە لەم پارێزگایەدا هەبوەو لەوانترا نەبوە، ئینجا وەکو ئەنجامێکی سەرەتایی بۆی دەردەکەوێ کە دیارە ئەم بارودۆخە تایبەتیانە هۆو فاکتەری بنەڕەتین بۆ تاوانی دزیکردن.

**(ب) بزۆکە ئامار (کاتە ئامار):**

بریتیە لە توێژینەوەی دیاردەی تاوان لەشوێنێکی دیاریکراودا (واتە لەیەك شوێندا) بەڵام لەچەند ماوەکی کاتیی جۆراوجۆردا. واتە ڕێك بەپێچەوانەی شوێنە ئامار وایە، چونکە لێرەدا شوێن یەك شوێنەو ناگۆڕێ، بەڵام کات دەگۆڕێو جودایە. ئەمەش ڕێگەیەکی زۆر لەبارە بۆ ئاشنابوون بە جووڵەی دیاردەی تاوان لەیەکێك لە وڵاتەکان و هەر ناوچەیەك لەناوچەکانی وڵات. بۆ نموونە بابڵێین توێژەر دەیەوێ هۆیەکانی تاوانی دزی لەشاری هەولێر سۆراخ بکات. لێرەدا ژمارەی تاوانەکانی دزی لەم شارە لەچەند ساڵێك وەردەگرێ بۆنموونە ساڵەکانی 1991، 1992، 1993... هتد، ئینجا سەرنج دەدات تاکو بزانێ لەکامەیان زیادی کردووەو لەکامەشیان کەمی کردووە. جا کە بۆی دەردەکەوێ لەساڵێك لەساڵەکاندا ژمارەکە بەزەقی لەساڵەکانتر زیاترە، هەڵدەستێ سۆراخی ئەو بارودۆخە کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابووریو... هتدانە دەکات کە لەساڵی ناوبراودا هەبوەو لەساڵەکانتردا نەبوە، پاشان وەکو ئەنجامێکی سەرەتایی بۆی دەردەکەوێ کە دیارە ئەو بارودۆخە تایبەتیانەی لەو ساڵەدا باو بووینەو سەریان هەڵداوە، هۆو فاکتەری بنەڕەتین بۆ تاوانی دزیکردن لەم شارەدا.